کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-10-2007 18:26بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ئەوینی من... سەهین نوعمان موفتی**

تاران



ئەوینی من...
پیشەم شەوانە
تێڕوانینی مانگە...
کە تۆی!
تیا بەدی ئەکەم
بە تیشکی چاوانمان...
لە سۆراغی
ئەشق و جێژوان...
ئەدوێین
ناو ناوەش!
لە دەردی دووری تۆ!!!
لاشەم
لە کووچە مەستەکانا
بەدی ئەکەم
کە مانگیش ئاوا بوو...
لەگەڵ هەورەکانا ئەدوێم
کەچی لەیەك ناگەین
لەداخا
ئاوی بێرەنگی چاوانم
بەجۆش دەپرژێ و
ئەویش...
نم نم بۆمی دەنێرێ...
تا نقومی ئاوی غەم ئەبم
ماڵئاوا دەکاو...
جێم دێڵێ
جا ئەستێرە وەنەوشەکان
سەما دەکەن
هزری سۆزی خۆیان ئاو دەدەن و
ئەخولێنەوە...
ئەخولێنەوە بەدەوری یەکتر و
دەڵێن نییە... لەتۆ مەستتر
ساوەرە...
نزیك بە لێم... ئەوینی من
با پێخەفەکەم والا کەم
دەردی دڵ کەمێ بەبا کەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-10-2007 18:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بنۆشم پێکی لێوانت...
ماچی کەم نێوچەوانت...
خەندەی سەرزاری کەم بە میوانم...
ڕۆشنی کەم دونیای شەوانم
ئارام بێ ئارام دڵی ئەوینم...
نەمێنێ هێش و برینم...
کۆتابێ هێش و برینم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.